www.kurdistannet.org
8-1-2007 22:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەرپرسەکان (سەگ) یش بەکرێی دەدەن!! ... بەختیار سەعید



چاوەڕوان بووین، هەر چاوەڕوان بووین!! ئەو بەر پرسانەی کە نوێنەرمانن لە بەغداد ئەوانەی کە دەستەڵاتیان لە حکومەت دا هەیە یا ئەوانەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی نوێنەرایەتی کورد ئەکەن یا بەنوێنەرایەتی سەرکردایەتی کوردستانن لە ناوچەی سەوزایی دەوام دەکەن ڕۆژێك بێت کە مێك لە داخوازیەکانمان بە دەست بهێنن، کە لە بەغداد بە دەست شیعەکانەوە گیریان خواردووە کە ئەمڕۆ جێگای هارونە ڕەشید و سەدامی لە سێدارەدراویان گرتۆتەوە!! کەچی مەخابن هەر لە یەکەم ساتەوە زۆرێك لەو سەرکردەو نوێنەرانەمان هەر ئەوەندەی بەدیداری ئەو نیعمەت و سەروەت وسامانە زۆرانە بوون، ئیتر زۆر نا مەسئولانە ڕەفتاریان کردوو!! کەوتنە تاڵان وبڕوو دەست بەسەراگرتنی سەدان (سەیارەی) مۆدێل بەرز!! بەمەشەوە نەوەستان هەر کە پۆستی وزاری و بەرزتریان وەرگرت زۆر جوامێرانە شانیان دایە بەر بازنە گەندەڵی ودزی و ڕاوەڕووت و ئەوەی بۆیان هاتبێتە دی درێغیان نەکردووە!! تەنها بۆ خوا دەڵێم بۆ ساتێك لە پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان غافڵ نەبوون!! تەنانەت هەر بۆ بەدەست هێنانی پارەی زۆری مۆڵ ئەوی بۆیان کرابێت ئەنجامیان داوە!! باوەڕتان بێت دوستێکم کەناو هێنانی دروست نیە بۆە گێڕامەوە، کە بەرپرسێکی باڵای کورد لە سەرتای چوونیان بۆ بەغداد دوای ئەوەی زۆر ئازایانە دەستی لە جۆرەکانی گەندەڵی نە پاراست و پیشەی شەو ڕۆژی بووە هەوڵدان بۆ گیرفان برین و تاڵان کردن بە گشت شێوازەکانیەوە لەگەڵ خۆش کردنی جەوە حەیاتەکە ئەمیشیان



باسکردنی حەیا چونێکی زۆر تیایە هەر چەندە حەیا زۆردەمێکە لەم مەملەکەتەی خۆمان بنەی گواستۆتەوەو سەری خۆی هەڵگرتووە؟! جا ئەو برادەرە گووتی: ئەو بەر پرسە زانیاری وەرگرتبوو، کە چەند کۆمپانیایەکی ئەمنی بەریتانی لە جیاتی پاسەوانی ئینسان پێویستیان بە (سەگ) هەیە بۆ پاراستنیان ئەویش لە هەوڵێکی خەمخۆرانەدا (4) سەگی ئەڵمانیان بۆ دابین دەکات و مانگانەی هەر سەگێك (4000) چوار هەزاردولار بووە، مەسروفاتی مانگانەی هەرسەگێکیش (500) دۆر بووە!! خواردنەکانیان تەنها گۆشت بووە، ئەو بەر پرسە واستەیەکی زۆری کردووە تا ئەو تەندەرە پیرۆزەی بەر بکەوێت!! بیرم کەوتەوە ماوەیەك لەمەو پێش خانمە بێژەرێك سەگێکی هەبوو خواردنی مانگانەی سەگەکەی (200) دۆلار بووە!! وەزیرێك لەم حکومەتەی خۆمان سەگێکی هەیەو خواردنی مانگانەی (250) دۆلارە!! زۆر نیە یەك دوو پاسەوانی ئینسانی لە سەر ئەو سەگانە ڕەزیل نەکرێن!! دەبێ هەموان دوعایی خێر بۆ سەلامەتی سەگەکانیان بکەین دەنا ڕۆژانە دەیان ئینسان ڕەزیل و نان بڕاو دەکرێن!! ئالێرەوە مافی ئێمەشە ئەو پرسیارانە

بوروژێنین؟! یوه بە هەمووتان نەتانتوانیوە دوو ئەمپێر کارەبا بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەن!! یا ناتوانن و نەتانتوانیوە دوو جلیکانە بەنزین بۆ ئەم خەڵکە بەش مەینەتە مسۆگەر بکەن!! یا بە ئاشکرا دزی لە بەشە داهاتی کوردستانیان دەکرێت و مێشێك میوانتان نیە!! تۆ بڵێی ئەمانیش شەرکە دزنەبن! بۆنا ئەی ئەوە نیە هەندێك لە بەر پرسەکانمان ناویان لە لیستی گەندەڵیەکانی بەغداد بە گەورەی تۆمار کراوە!! ئەی باشە نابێت بپرسین خۆ ئێوە لە ناوچەی سەوزایی دەوامتان فوولە!! ئەی چۆن بوو ئاگاداری ڕاپۆرتە خوێناویەکەی (بیکەر –هانیلتۆن) نەبوون!! دەزانینن کە سەدام لەسێدارە دراو ئێوە هەر نەشتان زانیی بوو!! لە هەموو ئەم قەیران و فاوڵ وفەڵتانەدا ئەگەرسەردانەکانی سەروکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوایە، کە چەندین جار بەمانگ لە بەغداد ماونەتەوە تا ئەوەی ئێوە دۆڕاندوتانە ئەوان هەندێکی بە زۆر وەری بگرنەوە!!دەنا ئێستا دەبوو هەموو خەڵکی کوردستان وەك ئێوە سەگیان لە ئەڵمانیاوە بۆ بهاتایەو بە کرێیان بدایە!!